دیاردەی خۆکوشتن یەکێکە لە پێشهاتە گرنگەکانی دنیای پیشەسازی سەردەمی هاوچەرخ، کە زۆرتر لە ژێر کاریگەری ناجێگری، ئێکچوونی دەروونی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتیدایە. دەستەواژەی خۆکوشتن بۆ یەکەمجار ساڵی (١٧٣٧) لەلایەن دفۆنتنی فەرەنسیەوە بەکارهێنرا و ئەم دەستەواژەیە(٢٥)ساڵ دواتر واتا ساڵی (١٧٦٢)لە لایەن ئاکادیمیای زانستی فەرەنساوە پەسەند کرا، چووە ناو فەرهەنگسنانی ئەو وڵاتە.

خوکوژی لە زاراوەی زانستییدا ئارەزومەندانە و لە رووی نیازی پێشوەختەوەیە، لەپێناو کۆتایی هێنان بە ژیانی خود. خۆکوشتن هەم بە نابودی و لەناوبردنی ئەنقەستی خۆ دەوترێت، هەم بە نەتەوانین لە رزگارکردنی گیانی خود، کاتێک کە رووبەڕووی هەڕەشەی مردن بووەتەوە، خۆکوشتن خەساری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکانیشە کە بە شێوەی مامناوەندی لە نێوان ئالودەبووان بە مادەی هۆشبەر و نەخۆشیە دەرونیەکاندا زیاترە. تاکی خۆکوژ لە سەر ئەو باوەڕەیە کە لە ژیاندا بە ئامانج و ئارەزوەکانی خۆی نەگەیشتووە و ژیان لەلای واتای خۆی لە دەستداوە و مردن باشترە لە ژیان. خۆکوشتن لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتیدا وەکو دیاردەیەکی زەمکراو دەناسرا، بەڵام خۆکوشتن وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی جدی سێ سەدە پێش ئێستا، لەلایەن توێژەرانی ئەوروپییەوە دەستپێکرد و لە چەند دەیەی رابردووشدا، جارێکی دیکە کەوتە بەر سەرەنجی توێژەران و هۆکارەکەشی بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی خۆکوشتن و گۆڕینی گروپی تەمەنی قوربانیان لە بەساڵاچوانەوە بۆ نەوجەوانان و گەنجان دەگەڕێنەوە.

ئا: جەمال رەحیمی



# شیکردنەوەی خۆکوژی لە سەر بنەمای فەلسەفی

## خۆکوشتن له روانگەی کۆمەڵناسیەوە

خۆکوشتن لە روانگەی دورکهایمەوە بریتیە لە هەر جۆرە مردنێک کە دەرەنجامی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی کردەی پۆزەتیڤ، یان نیگەتیڤی خودی قوربانیە، کە بەدیاریکراوی زانیویەتی، کە دەبێت بەم ئەنجامە بگات. چەمکی هاوجۆشی ناوەڕۆکی سەرەکی باسەکەی دورکهایم پێکدەهێنێت وبە هەر رادەیەک هاوجۆشی کۆمەڵایەتی تووشی ترازان و دابڕان بێت و پەیوەندی تاک بە گروپەوە کەم بێتەوە، ئەوا ئامادەیی زیاتری دەبێت بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی. هاوجۆشیش ئەگەر لە ئاستی هاوسەنگی خۆی تێپەڕێت، دەبێتە هۆکارێکی دیکە بۆ خۆکوشتن، چونکە تاک لە وەها پێکهاتەیەکدا خۆی بە بێ ئیرادە دەزانێت.

تیۆری داڕێژەرانی کۆمەڵناسی جۆرەکانی خۆکوژیان دابەشکردوە، کە بەناوبانگترینیان دابەشکاری دورکهایمە.

**دابەشکاری دورکهایم بۆ خۆکوشتن**

١ - خۆکوژی خۆویستانە، هەر کات مرۆڤ لە کۆمەڵگەکەی دوورخرایەوە و سپێردرایە دەست حەزە تایبەتیەکانی و ئەو پەیوەندیانەی کە پێشتر لەگەڵ هاوجۆرەکانیدا هەیبوو سست بوون، تاک بۆ خۆکوشتنی خۆویستانە و تاکگەرایانە ئامادە دەبێت.

٢ -خۆکوژی بێنۆرم: ئەگەر رێکخستنی هەنجاریەکانی بەشی رەفتاری تاک سست بین و لەو رووە توانای کۆنترۆڵکردنی حەز و مەیلەکانی مرۆڤی نەمێنێت، ئەوان بۆ خۆکوشتنی ناهەنجار ئامادە دەبن یان هەرکات لە وێژدانی بەکۆمەڵدا تووشی سستی ببێت، لە بەردەم هەرەشەی ئەم جۆرە خۆکوژیەدا دەبێت.

٣ -خۆکوشتنی چەشن دۆستانە: پەیوەندی بە حاڵەتێکەوە هەیە، خۆکوژی بە هۆی تووندبوونی لە رادەبەدەری کردەی میکانیزمی دیسپلینی رەفتارەوە روودەدات، نەک لاواز بوونی. دورکهایم بە شیکارکردنی ئەم جۆرە خۆکوشتنە دەیەوێت بڵێت پەیوەندی خۆکوژی لەگەڵ دیسپلینی کۆمەڵایەتی وپەیوەندیەکی تاک رەهەندی نییە، بەرزی رێژەی خۆکوژیش، دەتوانێت هەم بە تاکێتی لەرادەبەدەر و هەم بە دیسپلینی کۆمەڵایەتی لە رادەبەردریش دەکرێت.

٤ -خۆکوژی قەدەرگەرایانە: لە پێکهاتە نەریتیەکاندا کە سوڵتەی وێژدانی بەکۆمەڵ و هەنجار بە سەر تاکدا ئەوەندە توندە، کە بە تەواوەتی ئازادی کردەی تاک زەوت دەکات و تاک خۆی دەکاتە کۆیلەی چارەنووس و جەبری کۆمەڵایەتی و هیوایەکی بە گۆڕینی دۆخی زاڵ نامێنێت، تاک بۆ رزگاری لە سوڵتەی نۆرەیی ئەو فشار و هێزانە، ئازادی خۆی لەمردندا دەبینێتەوە، ئەو کۆیلانەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەستیان دەدایە خۆکوشتن، لەو جۆرە خۆکوژیە بوون، زۆربوونی خۆکوژی لە ناوچە گوندنشین و نەریتیەکانیش لەم چەشنەیە.

بەگشتی لە روانگەی کۆمەڵناسانەوە دیاردەی خۆکوشتن بەرلەوەی دیاردەیەکی تاکی بێت، دیاردەیەکی کولتوری کۆمەڵایەتیە، یان بە واتایەکی دیکە خەسارێکی کۆمەڵایەتیە، دەبێت لە پێکهاتە و بۆنەی کۆمەڵایەتیدا بەدوای هۆکارەکانیدا بگەڕێین، خۆکوشتن کاتێک روودەدات کە تاک جگە لەنەبوونی ئەزمونی دۆستایەتی لە سانەوەخنی قەیراندا، خۆی بە تەنها و بێ پشتیوان دەزانێت، چونکە لە بواری توانای کەسێتیەوە بەرگە نەگرەو توانای چارەسەری گرفتی نییە و بە لەدەستدانی ورەی پۆزەتیڤی

ژیان تووشی بێهیوایی دەبێت و دەگاتە بن بەستی خۆکوشتن.

## بۆچوونی دەروونناسی بەرامبەر بە خۆکوشتن

بەپێی بۆچوونی دەروونناس، مەیل بە خۆکوشتن بە نەخۆشی دەرونی دەزانێت و نەخۆشیەکەش بە هۆکاری خۆکوشتنەکەیان لەقەڵەم دەدات، زۆربەی دەروونناسان هۆکاری خۆکوژی بۆ خەمۆکی، دڵەڕاوکە، بێهیوایی، قەیرانی سۆزداری، نەخۆشی دەروونی، رووداوی نەخوازراو قبوڵنەکراو، ئاژاوەی خانەوادەیی، شکستهێنان لە خوێندن و خۆشەویستی و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ توندوتیژی سێکسی و ئەزموونی تاڵی سەردەمی منداڵی دەگەڕێننەوە.

دەروونناسان لەو بڕوایەدان، کە خۆکوشتن لە راستیدا شێوازێکە بۆ کەمکردنەوەی ئازار و نیگەرانی، ئەگەر دەوروبەر هەست بەو مەترسییکە بکەن و لە کاتی خۆیدا هەنگاوی بۆ هەڵبگرن، دەتوانن بە کەمکردنەوەی ئازارەکان رێگری لەخۆکوژی بکەن. لەسەرئاسەری جیهاندا پیاوان زیاتر لە ژنان لە خۆکوشتندا سەرکەوتوو دەبن، چونکە ترسیان کەمترە و زۆربەیان شێوازی سەخت هەڵدەبژێرن، بۆ نمونە خۆیان هەڵدەواسن یان چەک بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا ژنان زیاتر شێوازی ئارام بەکاردەهێنن، بۆنمونە لە رێگای دەرمان یان بڕینی شادەمارەوە خۆیان دەکوژن.

## خۆکوشتن لە روانگەی فەلەسوفەکانەوە

کانت و هیگڵ لەو بڕوایەدا بوون، مرۆڤ مافی خۆکوشتنی نییە، کانت دەڵێت: «مرۆڤ پاسەوانە، بۆیە مۆڵەتی ئەوەی نییە بەر لە تەواوکردنی وادەکەی پاسەوانیەکەی بەجێبهێڵێت». زۆربەی فەیلەسوفەکان دژی خۆکوژین و بە هەر هۆیەک کە مرۆڤ خۆی بکوژێت بە کردەیەکی سوک و نزمی دەزانن. لەروانگەی ئەوانەوە مرۆڤ کاتێک دەست بۆ خۆکوشتن دەبات، کە هەست بکات ژیان بەهای درێژەپێدانی نەماوە و لەو حاڵەتەدا باوەڕ بە مردن بەهێزترە لە وزەی سروشتی زیندومانەوە.

هۆکارە سەرەکیەکانی خۆکوشتن لە روانگەی فەیلەسوفەکانەوە ئەمانەن، ئەزمونە تاڵەکانی سەردەمی منداڵی تایبەتمەندیە کەسێتیەکانی نوێخوازی، هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کۆچکردن و هەژاری و دۆخی



دورکهایم

ئابوری و تەنگژە دەروونیەکان.

هەندێک لە فەیلەسوفەکان پێیانوایە ئەگەر کەسێک بە هۆی توڕەبوونەوە خۆی بکوژێت زۆر خراپە، بەڵام ئەگەر کەسێک بڕیار بدات پاش بیرکردنەوە و تاوتوێکردن خۆی بکوژێت کێشە نییە، واتا نەبوونی، لا باشتر بێت لە بوون، بەڵام ئەرەستو دەڵێت خۆکوژی لە هەر روویەکەوە بێت خراپە، سەرباری ئەوەش لە هەمان سەردەمی کۆندا خۆکوژی لە ناو فەیلەسوفەکاندا، پەیڕەوانی خۆی هەبوو، فەیلەسوفی یۆنانی هەجزیاس تەواوی تەمەنی خۆی لە پێناو بانگەشەکردن بۆ خۆکوژیدا سەرفکرد، زۆربەی شاگردەکانی لە ژێر کاریگەری ئەودا خۆیان کوشت، بەڵام خۆی لە تەمەنی(٨٠)ساڵیدا بە شێوەی سروشتی کۆچی دواییکرد، کاتێک لێیان پرسیوە بۆچی باوەڕەکانی خۆی سەبارەت بە خۆکوژی جێبەجێ ناکات، رایگەیاندوە ئەو لە پێناو راهێنانی خەڵکانی تردا زیندو ماوەتەوە، بۆ ئەوەی بە خەڵکی نیشان بدات مردن چەندە بەچێژە، شۆپنهاوەر لە سەر ئەو بڕوایە بوو، کە لە خۆکوژیدا فیکر و خەیاڵ بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بەسەر غەریزەدا سەرکەوتوو دەبن و پێیوابوو لە خۆکوشتندا زیانێک بەر ژیان و ئیرادەی گشتی ناکەوێت و لە بەرامبەر هەر مردنێکدا هەزاران لەدایکبوونی نەخوازراو روودەدات، کامۆ لەو بڕوایەدا بوو، کە تەنها یەک مەسەلەی فەلسەفی جدی هەیە، ئەویش خۆکوژییە فەیلەسوفەکان لە مامەڵەکردنیاندا بەرامبەر بە مەسەلەی

**هەندێک لە فەیلەسوفەکان پێیانوایە ئەگەر کەسێک بە هۆی توڕەبوونەوە خۆی بکوژێت زۆر خراپە، بەڵام ئەگەر کەسێک بڕیار بدات پاش بیرکردنەوە و تاوتوێکردن خۆی بکوژێت کێشە نییە**

خۆکوژی یەکەم شتێک کە لە زەینیاندا دەگرسێت ئەوەیە، کە ئایا بەراستی مرۆڤ مافی خۆکوشتنی هەیە یان نا؟ هەندێکیان لە سەر ئەو بڕوایەن، کە هەندێک لە خۆکوژیەکان دروستە، لە کردەی خۆکوشتندا کەسێک دەمرێت و ژیانی کۆتایی دێت، بەڵام هەمیشە کاریگەری ئەو خۆکوشتنە لە سەر کۆمەڵگە دەمێنێتەوە، خۆکوژی کاتێک لە زەیندا شکڵ دەگرێت، کە کۆمەڵە هۆکارێک کاریگەریان لە سەر داناوە و بووەتە هۆی ئەوەی ئەو بیر لە رێگە چارەیەک بکاتەوە و تەنها رێگە چارەیەکیش کە بەوی نیشان دەدەن خۆکوشتنە.

تاک سەرەتا تەنها لە زەینی خۆیدا بیر لە خۆکوژی دەکاتەوەو نایگەیەنێتە قۆناغی کردە، بەڵام کاتێک کاریگەری هۆکارەکان زیاتر دەبێت، ئەو کردەیە لە زەیندا فۆرم دەگرێت و بەرەو کردەیی بوون دەچێت و تاک دەست دەداتە خۆکوشتن. زۆربەی مرۆڤەکان لە زەینی خۆیاندا بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە، بەڵام کەمترینیان دەیگەیەننە قۆناغی جێبەجێکردن. کاتێک بمانەوێت مەسەلەی خۆکوشتن وەکو مەسەلەیەکی فەلسەفی تاوتوێبکەین، دەبێت ئێبگەین چ هۆکارێک دەبێتە هۆی خۆکوشتن و ئەو هۆکارانەش خۆیان لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە و هۆکارەکان پێناسە بکەین و بە دەلیلی لۆژیکی ئەو هۆکارانە بە خۆکوژیەوە گرێدەدەن. کاتێک کەسێک خۆی دەکوژێت، رەنگە تەنها هۆکاری خەمۆکی لە رادەبەدەر بێت. فەیلەسوفەکان دێن و وشەی خەمۆکی تاوتوێدەکەن، بۆ ئەوەی ئێبگەن ئەو خەمۆکیە بە چ هۆکارێک لە تاکدا شکڵی گرتووە، ئەو چەمکانەش پێناسە دەکەن، کە بوونەتە هۆی پێکهاتنی ئەو خەمۆکییە، بۆ ئەوەی بە وردی ئێبگەن هۆکاری خۆکوشتن چی بووە.

**سەرچاوە:**
-ساینی فلسفه رسانەهای جمعی ، راکبه محمدی